# خەتەنەکردنی ئافرەت: پێشێلکردنی مافی مرۆڤ

سەردار عەزیز
کولێژی بەرێوبردنی حکومەت

لە کاتی گەرانما بەدوای هەواڵدا لە میانەی ئامادەکردنی بەرنامەی رادیویە هەفتانەکەم لە زانکۆ، لە گەڵ هاوکارەکەمدا هەواڵێک لە رۆیتەرەوە سەرنجی راکێشاین. هەواڵەکە لە شاری سولەیمانیەوە بوو، جۆن هاوکارە ئایرەلەندیەکەم ووتی، ئەوە ناوی شارەکەی تۆیە کە هەرگیز ناتوانم وەک تۆ بیلێم. هەواڵەکە سەردێرێکی هەبوو، "بە پێی لێکۆڵینەوەیەک لە باکوری عێراق خەتەنەکردنی ئافرەتان بەربلاوە". لێکۆڵینەوەکە لەلایەن رێکخراوێکی غەیرە حکومی ئەڵمانیەوە ئەنجام دراوە کە بە 'وادی' ناسراوە. لێکۆڵینەوەکە لە ناوچەی گەرمیان ئەنجامدراوە، کە تیایا لە 1544ئافرەت راپرسی کراوە، کە هەموویان لەسەروی دە ساڵەوەبوون، 907کەسیان خەتەنەکرابوو. وا دائەنرێت بری شەسەت لە سەدی ئافرەتانی ناوچەکە خەتەنەکرابن. خوێندنەوەی هەواڵەکە چەند لایەنێکی ئەم فینۆمینەیەمان بۆ روون ئەکاتەوە لەوانە؛ هێشتا برێکی زۆری ئافرەتان خەتەنە ئەکرێن، خەتەنەکردن لەتەمەنێکی زۆرمناڵیەوە ئەنجام ئەدرێ کە بەگشتی تەمەنی ژێر دەساڵیە. بۆیە لەکاتێکا ئەگەر پێشێلکردنی مافی ژن بێت، هەروەها پێشێلکردنی مافی مناڵیشە. خوێندنەوەی هەواڵەکە مایەی شەرم بوو بە تایبەتی بە شێوەیەکی وا نوسراوە کە کەسێکی بیانی بیخوێنێتەوە وێنایەکی وای لادروست ئەبێت کە کوردوستان سەرزەمینێکی دواکەوتوە و خەڵکەکانی لە نێو دابونەرێتە کۆنەکانا نوقم بوون. بە تایبەت کاتێ یەکێ لە ئەندامانی رێکخراوەکە بە ناوی عاسی عەزیز-ەوە دەڵێ، "خەڵکی ئەم ناوچەیە زۆر هەژارن، ئەوەی لە هەموو شتێ زیاتر ئەیانەوێ پارەیە نەک ئامۆژگاری'.

شایانی ووتنە خەتەنەکردنی ئافرەتان تەنها لە گەرمیان بەرێوەناچێ، بەڵکو لە زۆر شوێنی تری کوردوستانیش؛ وەک جارێکیان سەردەشت-ی هاورێم پێی ووتم، 'لە ناوچەی قەلادزێی و رانیە، هەرکە بەهار دێت ئیتر وەرزی خەتەنەکردن دەست پێ ئەکات'. خەتەنەکردنی ئافرەتان لە زۆرشوێنی دونیای سێدا بەرێوە دەچێ بە تایبەت لە وولاتانی ئەفریقا. خەتەنە کردن پەیوەست نیە بە کەلتورێکی تایبەتەوە، بەڵکو لە نێو پێرەوانی هەرسێ ئاینە ئاسمانیەکەدا پەیرەو دەکرێ و کراوە. جۆرێک لە خەتەنەکردن هەیە کە بە خەتەنەی فیرعەونی ناسراوە، زیاتر لە شوێنەکانی قەراخ روباری نیل پێی هەڵدەستن، لە رووی برینەوە زۆر لەو جۆرە خەتەنەی کە ناوچەی خۆماندا بلاوە، خراپ ترە. ئەمە ئەو چاوپێکەتنەم بیرئەخاتەوە کە گۆڤاری دێرشبێگلی ئەڵمانی لە گەڵ شێخ یوسف بەدری ئەنجامی دابوو، لە رێکەوتی 6جولای 1997کە پەیامنێری گۆڤارەکە لە جەنابی شێخ دەپرسێ، چی دەڵێی بەو ژن و پیاوانەی کە لە مەغریب و جەزائیر دەژین و خەتەنەی مناڵەکانیان ناکەن، شێخ لە وەلامدا دەڵێ، قیتکەی (ئەو بەشەی ئافرەت کە پێویستە ببرێ) ئافرەتی میسری لە ئافرەتی شوێنانی تر گەورەترە، بۆیە پێویستە بچوک بکرێتەوە. بەلام ئەو شێوازە کە بە شێوازی فیرعەونی ناسراوە لە ناوەکەیا ئەوەمان پێئەڵێ کە لە سەردەمی فیرعەونەوە هەبووە، کە لە هەمانکاتدا ئەوەش دەرئەخات کە لەلای حەزرەتی موساو جولەکەش هەبوو، تا ئەمرۆش هەندێ کۆمەل لە ئیسرائیل پیادەی ئەکەن.

## خەتەنەکردن بۆ؟

خەتەنەکردن بریتیە لە برین یان بچوک کردنەوەی هەستیارتیرن ئەندامی ئافرەت لە لەشیا. سادەترین تێرامان ئەوەمان بۆ روون ئەکاتەوە، کە چ ئایدەلۆژیایەک لە پشت ئەم کارەوەیە. کوشتنی هەستکردن بە لەزەت، کوشتنی ئارەزوە بۆ ژیان. کارکردن لە سەر جەستە بۆ خۆشەکردنی و دەستەمۆکردنی هەردەم شێوازێکی سەرەکی بوە بۆ هێشتنەوەی دەسەلات و درێژەپێدانی ئەو دۆخەی کە هەیە، (ستاتۆس کوا). لە سەردەمی کۆیلەیەتیا زۆر لە خاوەن کۆیلەکان وایان پێباش بوو کە کۆیلەکانیان بخەسێنن، بۆ ئەوەی هەموو ووزەیان لە کارکردنا بەکاربێنن و هیچ دەرفەتێکی تریان نەبێ، کە لە هەمانکاتدا کۆتایی هێنانە بە پەیوەندیە بایلۆژیەکان. ئافرەت ئەو بونەوەرەیە کە هێشتا بەشێکی زۆر لە پێکهاتەکانی ژیانی بۆنی کۆیلەییان لێدێ. ئەو بیرورایەی کە بلاوە بە تایبەت لای ئەوانەی کە بە خەتەنەکردن

هەڵئەستن کە گوایە ژن ئەگەر خەتەنە نەکرێ لە دەست پیاوەکەی هەڵدێ، تا سەر ئێسقان بیروڕایەکی سەر بە سەردەمی کۆیلەیەتیە، کە ژن دەبێ لای پیاوەکەی بمێنێتەوە گرنگ نیە لە چ باروودۆخێکیایە. بەڵام لە درێژبوونەوەی زەمەندا هۆکاری تر چونەتە پاڵ پیادەکردنی خەتەنەکردن، بە تایبەت پەردە. هێشتنەوەی پەردە بە سەلیمی تا شەوی بوک و زاوایی یەکێکی ترە لەو هۆکارانەی کەوا لە هەندێ خێزان بکەن کچەکانیان ببرن. بە تایبەت کە پەردەو خوێنی پەردە وابەستە بە شەرەفی خێزانەوە. لە هەندێ ناوچەی کوردوستاندا لە شەوی گواستنەوەدا ئەو پارچە پەرۆ سپیە بە دەرگایی ماڵەکەیان هەڵئەواسن کە خوێنی پژانی پەردەی پێوەیە. دەکرێ لە روی تیوریەوە زیاتر لەم باسە بدوێین بە تایبەت بە ئیشکردن لە سەر تێزەکانی فۆکۆ لە کتێبی دیسپلین و سزا، لە دایک بوونی بەندیخانە. کە تیایا فۆکۆ بە ووردی و درێژی باس لە سیستەمەکانی بەندیخانەو راهێنان و خۆشەکردن چۆنێتی پیادەکردنیان ئەکات.

## خەتەنەو ئاین!

زۆربەی ئەوانەی بە کاری خەتەنە هەڵئەستن وای دائەنێن کە کارێکی ئاینیە. کاری خەتەنە تەنها لە ئاینی ئیسلامدا باسکراوە، لە ئاینەکانی تردا بە هیچ شێوەیە ئاماژەی بۆ نەکراوە. لە قورئاندا هیچ ئایەتێک نیە کە موسوڵمان هانبدات بۆ ئەوەی بەم کارە هەستێ، ئەو حەدیسانەش کە هەیە باسی سوککردن باشکردنی شێوەی ئەکەن بەڵکو بەهیچ شێوەیە هانی نادەن. سەرەرای ئەمە، بەلای سەیدقوتبەوە ئەو حەدیسانەی کە دەربارەی خەتەنە ئەدوێن هەرهەموویان حەدیسی لاوازن(ضعیف). یان بە مانایەکی تر ناتوانرێ بە شێوەیەکی یەک لەدوایەک بسەلمێنرێت کە ئەو حەدیسە دەگەرێتەوە بۆ پێغەمبەر. ئەگەر بۆ ساتێ لە قورئان رابمێنێین کاتێ خوا دەفەرموێ، مرۆڤمان لە باشترین شێوە دروستکرد. ئیتر بە چ هەقێکەوە مرۆڤ دەسکاری لاشەی مرۆڤێکی تر ئەکات، کاتێ کە دروستکەری ئەو لاشەیە پێمان ئەڵێ من لە باشترین شێوەدا دروستمکردون. هەبوونی ئۆرگانێکی وەک قیتکە بەخشینی مافی لەزەتکردنە لەلایەن خواوە بە ئافرەت. ئەگەر خەتەنە ببێتە هۆی کۆتایی لەزەت ئەوا پەیوەندی ژن و پیاو لە پەیوەندیەکی مرۆڤانە ئەکەوێ چونکە لە میانەی ئەو پەیوەندیەدا تەنها لایەک لەزەت وەردەگرێ و لاکەی تر کە ئافرەتە تەنها وەک ئامرازێک بەکاردێت. لێرەوە کاری پێکەوە بوون کارێکی ئازاربەخشە. بە پێی مافەکانی مرۆڤ هیچ کەسێ بۆی نیە مافی ئەوە بە خۆی بدات کە بە ئازاردانی کەسێکی تر هەستێ. لە روانگەیەکی ترەوە بۆ ژنێک گەر پیاوەکەی مایەی خۆشی بێت، ئەویش لە بەرامبەردا دەیەوێت خۆشی بدات بۆیە لە کۆتاییدا دەبێتە بنەمای خێزانێکی سەقامگیرتر. بەڵام پیاوی رۆژهەڵاتی هەموویان بێئاگایانە میکیاڤیلیانە هەڵسوکەوت ئەکەن، بە لای میکیاڤیلیەوە وا باشترە بۆ ئەمیر(دیارە لەم بارەدا دەکرێ وا دابنرێ کە پیاوی کوردی خۆی بە ئەمیری ماڵی خۆیان ئەزانێ لە هەندێ باردا زیاتر) ئەوانی تر لێی بترسن نەک خۆشیان بوێت. هەرچەندە هەندێ لایەنی ئاینی دەستپێشخەریان کردوە لە قسەکردن لەسەر ئەم کێشەو راگەیاندنی نەبوونی پەیوەندی لە گەڵ ئایندا، بەڵام هێشتا بەشێوەیەکی پراکتیک کاری پێناکرێ. هۆکاری ئەمە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگایی رۆژهەڵات(کۆمەڵگای کوردی) کۆمەڵگایەکی نا مۆدرێنە بە قوناغی رۆشنگەریا تێنەپەریوە. یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی رۆشنگەری وەک کانت باسی لێوەدەکات ووتەزایەکە کە بە لاتینی دەڵێ(سوپێرە ئودا)، کە بە مانای ئەوە دێت (بوێرە بزانە یان بوێرە فێربە). دروستکردنی ئەم هەستە وا لە مرۆڤ ئەکات کە هەردەم بیروراو بۆچونەکانی بخاتە ژێر پرسیارەوە بەردەوام نوێیان کاتەوە، بەدوای تازەدا بگەرێ. بەڵام بە نەبوونی ئەم هەستە بیروراکان هەروەک خۆیان ئەمێننەوە هەرچەندە سەردەمیان بەسەرا تێپەرێ. هەرئەم تێگەیشتنەیە کە لە دڵی زۆر لایەکانی ژیاندایە لە رۆژئاوا. پیتەر درۆکەر (ناسراوترین بیریاری بواری کارگێری لە دونیادا) دەڵێ بۆ ئەوەی رێکخراوێک بەرێوە بەریت پێویستە زوو زوو لە خۆت بپرسی ئەوەی کە پێی هەڵئەستی چیە، بۆچی دەیکەی، ئایا هێشتا هەمان مەبەست بەجێ دێنێ. بە هەمان شێوە مرۆڤ و کۆمەڵگا دەبێت لەگەڵ بیروراو تێگەیشتنەکانیانا هەڵسوکەوت بکەن. ئەگەر ئەمرۆ خەتەنەکردن بە مەبەستی کۆیلەکردن یان رەنگە بیر لە کەمکردنەوەی لەزەتیش ئەنجام نەدرێ، بەڵکو وەک دابێک کە بۆ سەردەمانێک بەرێوەچووە بەبێ هیچ بیرلێکردنەوەیەک و پرسیارکردنێکەوە ئەنجام ئەدرێ. لە لایەکی ترەوە لەبەرکۆنی و دوبارەکردنەوەی دیاریدەکە لەگەڵ خۆیدا هەندێ ریتچوال (طقوس) دروستکردوە. بۆنموونە، ئەگەر ئافرەتێ خەتەنەنەکرابێت وا دائەنرێت کە هەتا ئاوی دەستیشی حەرامە، کە لە کاتێکا هیچ بنەمایەکی ئاینی بۆئەم تێگەیشتنە نیە بەڵکو زیاتر لە ئەفسانەوە نزیکە.

## بەرەوکۆتایی

خەتەنەکردن پێشێلکردنی مافی مرۆڤە. بۆیە ئەرکی هەمووکەسێکە کە لە بەرامبەریا دەنگی نارەزایی دەربڕێ. کەسێک مافی تاکێتی خۆیەتی کە لەگەڵ لاشەی خۆیا لە ئاشتیا بێت، نەک ببێتە مایەی ئازارو خەمۆکی بۆی.

لە زۆر وولاتانی دونیا بە تایبەت لە رۆژئاوا خەتەنەکردن لەرێی یاساوە قەدەغەکراوە. لە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا یاسای تایبەت هەیە لە ئاستی سەرانسەری ولایەتەکانی ئەمریکا، کە یاسای فیدراڵی ساڵی 1995، کە تیا هاتوە، "هەر کەسێ بەئاگایی هەربەشێک لەکۆئەندامی زاوزێی کەسێکی تر ببرێت و تەمەنی کەسەکەی تر نەگەشتبێتە 18ساڵ ئەوا بەپێی یاسا پێویستە سزابدرێ، کە سزای بەندی نابێ لە پێنج ساڵ تێپەرێ. ئەمە ئەو بارانە ناگرێتەوە کە بۆ مەبەستی کاری پزیشکی خەتەنە تیا ئەنجام ئەدرێ". بۆیە دەرکردنی یاسایەک لە ژێرناوی بنبرکردنی سزادانی ئافرەت، لە وولاتی خۆشمان زۆر پێویستە. سەرەرای ئەمە لە پێناوی نەهێشتنی یەکجاری ئەم دیاریدەیەدا هەنگاوو کاری تر لەبواری ئابووری کۆمەڵایەتیا پێویستە. دابینکردنی خوێندن بۆ هەموو کەسێ لە هەموو لایەک، کارەبا (کە لە رێیەوە پەیوەندی و وەئاگاکردنەوەی کۆمەڵ ئەنجام ئەدرێ، بە تایبەت تەلەفزیون)، هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئیشوکاری بۆ خەڵک. خاڵێکی تر کە گرنگە ئەوەیە کە نابێ ئەم کێشانە لەبەر ئەوە کێشەی ئافرەتن یان کێشەی لادێین ئیتر بە هێند وەرنەگیرێ، چونکە هەبوونی هەستێکی وا کارێکی گەندەڵ و رەگەزپەرستانەیە. مافی مرۆڤ بەبێ جیاوازی بۆ هەموو کەسێکە لە هەرکوێ بێت، لە هەرساتێکا وە لە هەرباروودۆخێکا. لەم بوارەدا میدیا رۆڵێکی هێجگار گەورە دەبینێ، بە تایبەت ئەوانەی کە لە ناوەندەکانی میدیاوە نزیکن رەنگە ئەم کێشەیە کێشەیان نەبێت وە ئەوانەی بەدەستیەوە دەناڵێنن تواناو بواری ئەوەیان نەبێ کە دەنگیان بگەیەننە هیچ لایەک. بۆیە بوون بەدەنگی ئەوانەی کە دەنگیان نیە کارێکی مرۆڤانەیە.